هەروەها کاک عەبدۆڵڵا نەسیری(عەبە رەش،) بەرپرسی کۆمیتەی نیزامیی PAK، ئاماژەی بە ڕۆژانی دامەزراندنی حیزبەکەی و یەکەم جەولەی نیزامیی کرد کە خۆی فەرماندەییەکەی لە ئەستۆ بووە و وتی:" پاش ئەوەی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، واتە PAKی ئێستا، لە 30 گوڵانی ساڵی 1370 لە ئاوارییەکی "دۆڵە رەقە" بە ناوی "ساردکێ"، پێکهات، کۆبوونەوەیەک لە بنکەی پێوەندییەکان لە "رانییە" گیردرا کە بەرپرسی یەکەمی شەهید سەعید یەزدانپەنا بوو. لەو کۆبوونەوەیەدا وتیان کە دەبێ هێزێک بۆ ناساندنی PAK و ئامانج و سیاسەتەکانی و چەند کارێکی تایبەتی نیزامی، ڕەوانەی ناوخۆی وڵات بکرێ. کاک سەعید، شیی کردەوە کە دەبێ چ بکەین و زۆر جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە دەبێ ئاگاتان لە خۆ بێ و یەکەم شتێ کە بە منیان وت ئەوە بوو کە نابێ پێشمەرگە شەهید و بریندار بێ و دەبێ بە ساخی بگەڕێنەوە. 23 ڕۆژ لە دامەزرانی پارتی ئازادیی کوردستان تێپەڕیبوو کە ئێمە بەرەو ناوچەکانی مەریوان، سەقز، دیواندەرە و هەورامان بەرێکەوتین. ئێمە هەم کاری تەبلیغاتیمان دەکرد و هەم کاری نیزامی. لە گوندەکاندا قسەمان بۆ خەڵک دەکرد و سیاسەتەکانی PAKمان بۆ خەڵک شی دەکردەوە."

لە درێژەدا، کاک عەبدۆڵڵا نەسیری، ئاماژەی بە چالاکییەکی نیزامیی ئەو کاتەیان کرد و وتی:" لە بیرمە لە گوندێک بە ناوی (سۆفی بلە) چالاکییەکی سەرکەوتووانەمان ئەنجام دا و کۆمەڵێک سەربازیشمان دەستگیر کرد کە دووایە بەپێی بڕیارێ تەشکیلات بەرماندان. بەگشتی جەولەیەکی سەرکەوتووانە بوو. خەڵکیش بە باوەشێکی ئاوڵاوە پێشوازییان لێکردین و هاوکاریی زۆری ئێمەیان بەتایبەتی لە بواری ئەمنیەتییەوە کرد. خەڵکانێکی زۆر ڕێبازی پارتی ئازادییان پێقبووڵ بوو و هەر لەو کاتەوە بوون بە ئەندام و لایەنگری لە ناوخۆی وڵاتدا."

لە لایەکی دیکەشەوە، کاک سالار حیسامی، ئەندامی مەجلیسی گشتیی PAK، تیشکی خستە سەر کەسایەتی و بیروڕکە و داهێنانەکانی شەهید سەعید یەزدانپەنا، دامەزرێنەری پارتی ئازادیی کوردستان و وتی:" بۆ قوتابیانی قوتابخانەکەی مامۆستای شەهید، کاک سەعید یەزدانپەنا، کارێکی ئاسان نییە کە بتوانن لەچەند وتەیەکدا پێناسەی بکەن. بۆ پێناسەکردنی گەورەمرۆڤێکی وەک کاک سەعید، ئەگەر لە کۆنفرانس و کۆنگرەیەکی تایبەتدا کە چەندین کەسایەتیی خاوەن خوێندنەوەی دروست بۆ واقعیە سیاسیەکانی کوردستان بەشداری بکەن، لەوانەیە تاڕادەیەک بتوانین حەق بە حەقدار بدەین و لەوانەیە لە کەشێکی ئەوهادا، چاوەدێرانی سیاسیی بەئەزموون و خەڵکی شۆڕشگێڕ بتوانن شڕۆڤەی خەسڵەتەکان و هەڵکەوتوویی و لێهاتوویی کاک سەعید بکەن. کاک سەعید نیوەی زیاتری تەمەنی لە شۆڕش و خەباتدا بردە سەر، شکاندنی هەیبەتی داگیرکەران لەتەمەنی نەوجەوانی و مێرمناڵیدا، خۆراهێنان و خۆپەوەردەکردن بەبێ ئەوەی لە ئاکادیمیایەکی سیاسی خوێندبێتی و بە بێ ئەوەی میراتی کەسی پێ بڕابێ، خەرمان - خەرمان داهێنانی وردبینانەی سیاسی و گۆڕینی ئەدەبیاتی سیاسی، دانانی بەردی بناخەی سەربەخۆییخوازی لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەی، بوێری، شەفافگۆیی و ڕاستگۆیی، خۆنەویستی و فیداکاری و ... تاد، مەودایەکی زۆری دەوێ بۆ باسکردن. بۆیە دووپاتی دەکەمەوە کە لەبەر ئەوەی غەدرم لەمامۆستا و سەرکردەی هەڵکەوتووی خۆم نەکردبێ، لەتوانای منداً نییە بە کورتی پێناسەی شەهیدی سەرکردەکەمان کاک سەعید یەزدانپەنا بکەم."

هەروەها، خاتوو چیمەن کەمالی ئەندامی مەجلیسی گشتیPAK، سەبارەت بە ڕووانگەی پارتی ئازادیی کوردستان لە بەرانبەر ماف و ئازادیی ژنانداً هاتە ئاخاوتن و وتی:"لە ڕووانگەی PAK هەوە ژن و پیاو یەکسانن و ئەوەی ئێمە بۆ خاوەندارێتی لە ماف و ئازادی بە پێوانەی دادەنێن "مرۆڤ"ە نەک ڕەگەز. من پارتی ئازادیی کوردستان بەو حیزبە دەزانم کە ژنان بە ئازادی دەتوانن تێیدا کار و خەبات بکەن."

خاتوو چیمەن وای دەبینی کە "لە ئاستی کۆمەڵگای کوردەواریدا جیاوازی لە نێوان ژن و پیاودا هەیە و حاشای لێناکرێ و ڕێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان(نینا) کە لە پێناو هێنانەدیی یەکسانی و ئازادیی ژنانداً کار و چالاکی دەکا، بە پشتیوانی و یارمەتیی PAK دامەزراوە."

لە درێژەدا، خاتوو شیراز نادری، ئەندامی مەجلیسی گشتیی و بەرپرسی کۆمیتەی لاوانی PAK، ئاماژەی بە ڕۆڵی بەرچاوی لاوان لە کار و خەباتی 17 ساڵەی پارتی ئازادیی کوردستاندا کرد و وتی:"ئێستاشی لەگەڵدا بێ، لاوان لە پارتی ئازادیی کوردستاندا ڕۆڵێکی گرینگیان هەبووە. لەپێناو زیاتر بایەخ و گرینگیدان بە لاوانیشدا کۆمیتەی لاوانی پارتی ئازادیی کوردستان بەردەوام چالاکیی هەبووە. هەر ئەوەیکە شەهید سەعید یەزدانپەنا، لە تەمەنی لاویەتیدا PAK ی دامەزراندووە و دووایە ڕێبەرایەتیی کردووە، خۆی نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە. هاوکات، هەر وەکوو خۆشتان ئاگادارن، لاوان، زۆرینەی ئەندامانی سەرکردایەتیی ئێستای پارتی ئازادیی کوردستانیان پێکهێناوە و ئەمەش خۆی بەڵگەیەکی زیندووە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە لاوان ڕۆڵی بەرچاو و بنەڕەتییان لە ڕیزەکانی پارتی ئازادیی کوردستاندا هەیە."

لە درێژەدا، ناوبراو، کە خۆی ئەندامێکی بنەماڵەی شەهیدانی پارتی ئازادیی کوردستانە، باس لە گرینگی و بایەخدان بە بنەماڵەی شەهید لە ریزەکانی پارتی ئازادیی کوردستاندا دەکا و دەڵێ:"پارتی ئازادیی کوردستان، لە گرینگیدان بە بنەماڵەی شەهیدەکانی هەرگیز دریغی نەکردوە و بەڕاستی شەهیدان و بنەماڵەکانیان لە PAKدا ڕێز و گرینگیی تایبەتییان هەیە و ئەمەش ئەمەگناسیی حیزبەکەمان بەرانبەر بە شەهیدەکانی دەگەیەنێ."

پاشان کاک خەلیل نادری، ئەندامی مەجلیسی گشتیی PAK ، ئاماژەی بەو بۆشاییە سیاسییانەی سەر گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد کە شەهید سەعید و هەڤاڵانی هانداوە بۆ دامەزراندنی پارتی ئازادیی کوردستان. ناوبراو لەوبارەدا وتی:" نەبوونی ڕێکخراوێکی سیاسی بە ستراتیژیی نەتەوەیی کە سەربەخۆیی کوردستان و یەکگرتنەوەی خاکی دابەشکراوی کوردی کردبێتە ئامانج، ئەو بۆشاییە بوو کە دەبوو بە دامەزراندنیPAK وەک ڕێکخراوێکی کوردستانیی سەربەخۆییخواز پڕبکرێتەوە. PAK بوو بە حیزبی لاوانی ناسیۆنالیستی کورد و بێ ترس و لەرزی سیاسی ڕاگەیاند کە دەبێ ستراتیژیی کورد و حیزبە سیاسیەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بێ. بۆیە دامەزراندنی پارتی ئازادیی کوردستان، بە حەق توانی ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە."

خەلیل نادری، لە ساڵوەگەڕی دامەزراندنی PAK دا داواکارییەکی ئاراستەی گەلی کورد کرد و وتی:" داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەم فریوی ئەوانە نەخۆن کە دیانهەوێ ناڕاستانە ڕۆڵەکانی کورد لە پرسی بەدەوڵەتبوون دوور بخەنەوە. ئامانجی ئەوان تەنیا بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیانە. کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیە و خاوەنی خاک و کلتووری جیاوازە و بە بێ ویستی خۆی دابەشکراوە. بۆیە دەبی خەباتی هەمولایەکەمان بۆ ڕزگاریی یەکجاری و بەدەوڵەتبوونمان بێ و تەنیا ئەوەیە کە دەتوانێ ڕێگە لەدووبارە بوونەوەی ئەو ستەم و کارەساتانە بگرێ کە لەرابردوو و ئێستادا بە سەر کوردا هاتووە."

هەروەها، کاک ئامانج کولیایی، ئەندامی مەجلیسی گشتیی پارتی ئازادیی کوردستان، باس لە ڕیزەکانی پارتی ئازادیی کوردستاندا دەکا و دەڵێ:"پارتی ئازادیی کوردستان، لە گرینگیدان بە بنەماڵەی شەهیدەکانی هەرگیز دریغی نەکردوە و بەڕاستی شەهیدان و بنەماڵەکانیان لە PAKدا ڕێز و گرینگیی تایبەتییان هەیە و ئەمەش ئەمەگناسیی حیزبەکەمان بەرانبەر بە شەهیدەکانی دەگەیەنێ."

پاشان کاک خەلیل نادری، ئەندامی مەجلیسی گشتیی PAK ، ئاماژەی بەو بۆشاییە سیاسییانەی سەر گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد کە شەهید سەعید و هەڤاڵانی هانداوە بۆ دامەزراندنی پارتی ئازادیی کوردستان. ناوبراو لەوبارەدا وتی:" نەبوونی ڕێکخراوێکی سیاسی بە ستراتیژیی نەتەوەیی کە سەربەخۆیی کوردستان و یەکگرتنەوەی خاکی دابەشکراوی کوردی کردبێتە ئامانج، ئەو بۆشاییە بوو کە دەبوو بە دامەزراندنیPAK وەک ڕێکخراوێکی کوردستانیی سەربەخۆییخواز پڕبکرێتەوە. PAK بوو بە حیزبی لاوانی ناسیۆنالیستی کورد و بێ ترس و لەرزی سیاسی ڕاگەیاند کە دەبێ ستراتیژیی کورد و حیزبە سیاسیەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بێ. بۆیە دامەزراندنی پارتی ئازادیی کوردستان، بە حەق توانی ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە."

خەلیل نادری، لە ساڵوەگەڕی دامەزراندنی PAK دا داواکارییەکی ئاراستەی گەلی کورد کرد و وتی:" داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەم فریوی ئەوانە نەخۆن کە دیانهەوێ ناڕاستانە ڕۆڵەکانی کورد لە پرسی بەدەوڵەتبوون دوور بخەنەوە. ئامانجی ئەوان تەنیا بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیانە. کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیە و خاوەنی خاک و کلتووری جیاوازە و بە بێ ویستی خۆی دابەشکراوە. بۆیە دەبی خەباتی هەمولایەکەمان بۆ ڕزگاریی یەکجاری و بەدەوڵەتبوونمان بێ و تەنیا ئەوەیە کە دەتوانێ ڕێگە لەدووبارە بوونەوەی ئەو ستەم و کارەساتانە بگرێ کە لەرابردوو و ئێستادا بە سەر کوردا هاتووە."

هەروەها، کاک ئامانج کولیایی، ئەندامی مەجلیسی گشتیی پارتی ئازادیی کوردستان، باس لە ڕیزەکانی پارتی ئازادیی کوردستاندا دەکا و دەڵێ:"پارتی ئازادیی کوردستان، لە گرینگیدان بە بنەماڵەی شەهیدەکانی هەرگیز دریغی نەکردوە و بەڕاستی شەهیدان و بنەماڵەکانیان لە PAKدا ڕێز و گرینگیی تایبەتییان هەیە و ئەمەش ئەمەگناسیی حیزبەکەمان بەرانبەر بە شەهیدەکانی دەگەیەنێ."

پاشان کاک خەلیل نادری، ئەندامی مەجلیسی گشتیی PAK ، ئاماژەی بەو بۆشاییە سیاسییانەی سەر گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد کە شەهید سەعید و هەڤاڵانی هانداوە بۆ دامەزراندنی پارتی ئازادیی کوردستان. ناوبراو لەوبارەدا وتی:" نەبوونی ڕێکخراوێکی سیاسی بە ستراتیژیی نەتەوەیی کە سەربەخۆیی کوردستان و یەکگرتنەوەی خاکی دابەشکراوی کوردی کردبێتە ئامانج، ئەو بۆشاییە بوو کە دەبوو بە دامەزراندنیPAK وەک ڕێکخراوێکی کوردستانیی سەربەخۆییخواز پڕبکرێتەوە. PAK بوو بە حیزبی لاوانی ناسیۆنالیستی کورد و بێ ترس و لەرزی سیاسی ڕاگەیاند کە دەبێ ستراتیژیی کورد و حیزبە سیاسیەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بێ. بۆیە دامەزراندنی پارتی ئازادیی کوردستان، بە حەق توانی ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە."

دووا کەوتووبی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاروانی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی و کوردایەتی، هەردەم دەرگاکانی PAK بە ڕووی خەڵکی ئەو دەڤەرانەدا ئاواڵەتر بووە و بەڕاستی یارمەتیی تایبەتییان دراوە بۆ ئەوەی زووتر خۆیان بگەیەننە خەڵکی ناوچەکانی دیکەی کوردستان و بۆشایی حزووری خۆیان لە سەر گۆڕەپانی کورداییەتی پڕبکەنەوە."

لە لایەکی دیکەوە، ئامانج کولیایی، باسی لە هەوڵە تایبەتییەکانی PAK، لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریی نەتەوەیی خەڵکی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کرد و ڕایگەیاند:" بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی بەرهەمە جیاوازەکانی دەزگا جۆراوجۆرەکانی PAK لەو ناوچانە ، بەتایبەتی وتارەکانی بەڕێز سەرۆکی PAK لە پێوەندی لەگەڵ پرسی نەتەوایەتی و کوردستانیبوون، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری ئەو ڕاستییەن کە PAK لەوێدا گرینگیی تایبەتیی بە هوشیارکردنەوەی نەتەوەیی خەڵک داوە."

هەروەها، تیشکی خستەسەر بەشێکی گرینگ لە تایبەتمەندییەکانی PAK وەکوو:"پەرەپێدان بە نووسین و خوێندەواری بە زاراوەی تایبەت بەو ناوچانە، بەتایبەتی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حیزبدا"، " ڕێزگرتن و بەرجەستە کردنەوەی کەسایەتیی ڕێبەرانی نەتەوەیی ناوچەکە وەکوو [قەدەمخێر لور] و [داود کەڵهوڕ]" ،"پشتگیریکردن لە نووسەرانی ئەو مەڵبەندە، بەتایبەتی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان لە باشووری کوردستان" و "سوربوون لەسەر ژێئوپۆلێتیکی تەواو و ڕاستەقینەی کوردستان و جیانەکردنەوەی پێکهاتەگەلی نەتەوەیی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کورد (وەک لوڕ) ". هاوکات هەر ئەو هەڵوێستانەشی بە هۆکاری ئەوە دایەقەڵەم کە :" یەکەم: هەست و بیری ناسیۆنالیزمی کوردی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گەشە بکا و دووهەم: لە بواری ڕێکخستنەوە، پارتی ئازادیی کوردستان، تەنانەت لە دوورترین ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا پێگەی شیاو و تایبەتیی هەبێ و باوەشی خەڵکی ئەوێ بۆ PAK هەردەم ئاواڵە بێ."

ناوبراو، بەتایبەتی سوپاسی زەحمەت و خەمخۆرییەکانی جەنابی کاک حسەین یەزدانپەنا لەو بوارەوەدا کرد و وتی:" کارکردی دڵسۆزانەی ئەمڕۆی ڕۆڵەکانی موکریان، بەتایبەتی کەسانێک وەکوو بەڕێز کاک حسەین یەزدانپەنا، لە پێناو ڕاکێشانی خۆشکان و برایانی کەڵهوڕ، لەک و لوڕ و ... تاد، بۆ سەر گۆڕەپانی سیاسی و یارمەتیدانیان، هەنگاو و هەڵوێستێکی پیرۆز و بەبایەخە کە قەت لەبیر ناچێ."

لە کۆتایشدا داواکارییەکی ئاراستەی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و وتی:" سەرجەم ئەو کوردانەی لە ریزەکانی کۆمەڵە، خەبات، حیزبی دیموکرات، پارتی ئازادیی کوردستان و ... تاد، خەبات دەکەن، لە پێشدا پێشمەرگەی ئەم ئاو خاک و میللەتەن، پاشان ئەندامی حیزبێکی تایبەتی. بۆیە لە لایەکەوە نابێ ئێمە خۆمان لە یەک بەجیا بزانین و لە لایەکی دیکەشەوە، دەبێ هەموومان لەبەرانبەر ئەو خەڵکەی ڕۆژانە بەناحەق ئیعدام و زیندان دەکرێن، لەبەرانبەر ئەو لاوانەی بە هۆی ئیعتیادەوە گیانیان لەدەست دەدەن و لە بەرانبەر چارەنووس و داهاتووی گەلەکەمان، هەست بە بەرپرسیارێتی بکەین. بۆیە تکام لە لایەنەکان ئەوەیە کە هەوڵی لێکنزیکبوونەوە و پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی بدەن و خۆیان بۆ هەر گۆڕانکارییەک لە ئێراندا ئامادە بکەن.